**وەزارتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە: ٢٩٨٠/٤/٩ لە ٢٠١٩/٤/١**

## ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٩
## گەڕاندنەوەی پشکی پێشینەی هاوسەرگیری

وەکو ئاگادارن زۆرێك لە فەرمانبەرانی سەر بە میلاکی گشت وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەت بوونەتە کەفیلی هاووڵاتیان بۆ مەبەستی وەرگرتنی پێشینەی هاوسەرگیری لە هەمان کاتدا سوودمەندانی هاووڵاتی لەم پێشینەیە پابەند نابن بە گەرانەوەی پشکە شایستەکانی ئەم پێشینەیە لە ڕێکەوتی شایستە بوونیان بۆیە پێویستە کاری پێویست ئەنجام بدرێت بەمەبەستی هەماهەنگی کردن لەگەڵ وەزارەتمان بۆ گەڕانەوەیان:-

**یەکەم:** گەنجینەی پەیوەندیدار بە نووسراوی فەرمی ئاگاداری ئەو فەرمانگە و دام و دەزگایانە دەکاتەوە کە فەرمانبەرەکانیان بوونەتە کەفیلی هاووڵاتیان بە مەبەستی ئاگادارکردنەوەیان و ڕاگرتنی مووچەیان تاکو ماوەی(٣)مانگ.

**دووەم:** لە پاش کۆتایی هاتنی ماوەی ئاماژەپێکراو ئەگەر پشکەکانی شایستەی پێشینەی هاوسەرگیری نەگەڕێندرایەوە پێویستە فەرمانگەکان پشکی شایستە لە مووچەی کەفیل ببڕێت و ڕەوانەی بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی پەیوەندیدار بکاتەوە و بڕی مووچەی ماوە بۆ فەرمانبەری کەفیل خەرج بکرێتەوە .

**سێیەم:** لە حاڵەتی وەرنەگرتنی ڕێکاری پێویستی هاتوو لە خاڵی (یەکەم و دووەم)ی سەرەوە وەزارەتی دارایی و ئابووری پێش تمویل کردنی مووچەی مانگانەی فەرمانگە و دام و دەزگاکان بڕی شایستە لەبڕی مووچەکانیان دادەشکێنرێت ئەمەش پاش دیاری کردنی بڕەکانی شایستە لەلایەن گەنجینەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتیمان کە پێویستە ببڕدرێت

**چوارەم:** ئەم ڕێنماییە سەرجەم ئەو پشکانەش دەگرێتەوە کە پێشتر شایستەی گەڕانەوە بوون بەڵام نەگەڕێندراوەتەوە و بۆ هەر مانگێك لە مووچەی بڕی(١٨٠٠٠٠) سەد و هەشتا هەزار دینار کە دەکاتە پشکێکی شایستە دەبڕدرێت تاکو پاکتاوکردنی سەرجەم پشکە کەڵەکە بووەکان.

**پێنجەم:** لەحاڵەتێکدا ئەگەر فەرمانبەری کەفیل گواستنەوەی ڕاژەی بۆ کرابێت بۆ فەرمانگەیەکی تر گەنجینەی پەیوەندیدار پاش ئاگادارکردنەوەیان لەلایەن ئەو فەرمانگەیە کە فەرمانبەرەکەی گواستراوەتەوە بەهەمان میکانیزم نووسراو ئاراستەی ئەو فەرمانگەیە دەکات کە بۆی گواستراوەتەوە بەمەبەستی وەرگرتنی ڕێکاری هاتوو لەم ڕێنماییە.

**شەشەم:** ئەم ڕێنماییە لەڕێکەوتی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێت و لەڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**ڕێباز محمد حملان**
**وەزیری دارایی و ئابووری**